کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-9-2007 23:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سایتی ڕۆشناییان داخست ئەوسایتەی کە تەنهاو تەنها دروست کرابوو بۆسوکایەتی کردن و دژایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ... باوکی شازاد

هەرکەسێک کە ئەو سایتەی بۆ یەکجاریش خوێندبێتەوە دەزانێت مەرامی بڵاو کردنەوەی ئەو هەموو جنێوو سوکایەتیە بە سەرکردەو کادیرانی یەکێتی لە چ بنەوانێکەوە سەری هەڵداوە، خوێنەری بەڕێز من لە گەڵ هەموو ئازادیەک دام بەڵام کە ئازادی هێڵی سوری بەزاند دەبێت بە بەرەڵایی، ڕۆژ هەتا ئێوارە بابەت بنوسە لە سەر گەندەڵی دزی بی یاسایی کەس پێت ناڵێت کارێکی خراپت کردوە بەڵام کە کار گەیشتە سوکایەتی بە خاوو خێزانی هەر تاکێکی کورد با سەر کردەش نەبێت کەسێکی ناو کۆمەڵەکەمان بێت دەبێ سنور بۆ ئەو ڕەشە کوژیە دابنرێت وەک مەسەلەی کوردی خۆمان دەڵێت (هەموو شتێک بە خوێ و خوێش بە مانا) سایتێک کە ماوەی 18 مانگە سوکایەتی بە خەڵک دەکات کەسی تیا پارێزراو نەبوو ئەوەی بۆنی یەکیتی لی بهاتایە، گەر دابەزیبوایە سەر هەر یەکێک دەبوایە چەند جنێو فرۆشی مۆدێرن و کلاسیک هەیە هەر هەموویان وەکوو بەردباران کردنەکە ی کچە کوردی ئێزیدی (دوعاخان) بەردێکیان تێگرتایە بۆ ئەوەی زەمیری خۆیان مورتاح بکەن، باشە کەی کاری ڕۆژنامەگەری وایە؟ کام یاساو ڕێسایەک هەق بە نوسەر دەدات دابەزێتە سەر شەرەف و کەرامەتی خەڵک، سەیریش ئەوەیە سەرپەرشتیارانی ئەو جنێودەرانە دەیان ویست خەڵک چەواشە بکەن و تێیان بگەیەنن کە ئەوانە کۆنە کادیری یەکێتی و پێشمەرگەی دێرینن گوایە دڵیان لە سەرکردەکان ڕەنجاوە بۆیە بەم شێوەیە دادەبەزنە سەریان بەڵام هەموومان دمانزانی (کەر لە کوی کەوتوەو کوندە لە کوی دڕاوە) چەند درۆو دەلەسەی کە بە خەیاڵت دا نەدەهات بۆیانت بناردایە تەنها بیانزانیایە دژی کەسێکی سەر بە یەکێتیە بەبێ ئەوەی بیخوێننەوە بڵاویان دەکردەوە، باشە ئەوە کەی ڕەوایە تۆ بەم شێوەیە یاخی ببیت بەرامبەر خەڵکی هاوزمانی خۆت یان وەکو خۆیان ووتەنی هاو خەباتی خۆت؟ تەنها بۆ ئەوەی کەسێکی وەکوو خۆتان ئاسا دەستێک لە پشتتان بدات و بڵێ ئافەرین وە هەندێک پارەو پوڵی قەڵپی چڵکنتان پێ بدات، کە هەق وایە بێزتان لە خۆتان ببێتەوە بە درێژی تەمەنتان دەست نەدەنەوە قەڵەمەکانتان، لەبەر ئەوەی ئێوە شایانی ئەوە نین پێتان بڵێن نوسەر، من قەد ناڵێم شت مەنوسن هەرچی بە خەیالتان دێت بینوسن وە لەسەر هەرکەسێکیش بێت گرنگ نیە مادام کەسێک بێت موستەهەقی ئەوە بێت کە لەسەری بنوسرێت ئەگەر نوسینەکانتان لە سەر بنەمایەکی ڕاستی و عەدالەتەوە بێت، بەڵام نەک دابەزێتە سەر خاوو خێزانی بە بیانوی ئەوەی کابرا گەندەڵە نوسینیش بنەمای خۆی هەیە ئەوەی ڕۆشنایی کردی مەگەر هەر خۆیان بزانن چیان کرد، خۆ دیارە بە قسەی خۆیان هێشتا هەندێکیان تیا هێشتۆتەوە لە بەر خاتری خاتران نازانم ئێوە خاتری کێ لاتان هەبوو هەتا ڕێزی لێ بگرن، ئەوەی پێتان کرا کردتان هەتا کارەکانتان گەیشتە بەرز ترین دەسەڵات، هیچ مەجالی تیا نەما بۆیە ناچار بوون سنورێکتان بۆ دابنێن، ئەوەی ئێستا ئێوە دەیڵێن کەس باوەڕتان پێ ناکات کە لەبەر هەژاری و نەداری سایتەکەتان داخست، بە شێوەیەکی ڕون تر پێیان داخستن، لەبەر ئەوەی زۆربەمان دەزانین کە سایت کردنەوە ئەوەندە پارەو پوڵی ناوێت تەنها مەبلەغێکی کەمی گەرەکە، بەڵام ماندوبونی زۆری دەوێت ئەگەر پێداچونەوە لەسەر نوسینەکان بکرێت و ڕێکیان بخەیت، بەڵام سایتی ڕۆشنایی وەکوو بەرنامەی بێ کۆنترۆل سەری بە مەنجەڵی هەموو کەسێک دادەگرت، بابەتی دادەبەزاند بەبی ئەوەی هیچ سانسۆرێک هەبێت وەیان بابەتی نا شیاو لابدەن، بۆیە ماندووبونیشی زۆر کەم بوو هەر بۆیەش دەماندیت بابەتەکان وەکوو نانی ناو تەنور هەر دەگەیشت بە دەستیان یەکسەر بەگەرمی دادەبەزێنرا واتە هەموو سایتەکان کاتی خۆیان هەیە بۆ گۆڕان و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دابەزاندنی بابەتە تازە کان، بەڵام هی ئەوان وەکوو بەرنامەی ڕاستەوخۆی لێهاتبو یەکسەر بڵاو دەکرایەوە بۆیە کە کار گەیشتە ئەو ئاستە دەبوایە شتێکی لەو بابەتە بکرابوایە ئەو کونەی کە ئەو ڕەشەبایەی لێ دەهات دەبوایە ئاوا بە قوڕ بگیرایە، بۆ ئەوەی جارێکی تر کەس نەتوانێت بەم شێوەیە سوکایەتی بە خەڵک بکات و بەناوی خەڵکی بێ ئاگا ئەو شتە سوک و چروکانە بڵاو بکرێتەوە، من دەڵێم دەستی ئەو کەسانە خۆشبێت کە وایان کرد ئەو سایتە دابخرێت، ئەو دەنگە گڕە نەشازە کپ بکرێت، جا هەرکەسێک کردویەتی ئەوە موشکیلە نیە گرنگ ئەوەیە خەڵکانی تر عیبرەت وەر گرن کاری وا دوبارە نەکەنەوە، بە رای من ڕۆژنامە ئەلیکترۆنی بێت یان لەسەر کاغەز بێت دەبێ بزانرێت ئوسوڵی نوسین چۆنە بۆ ئەوەی خەڵک ڕێز لە نوسەر و ڕۆژنامەنوسەکان بگرێت نەوەک وەکوو لە بەرنامەی ڕەش و سپی تەلەفزیۆنی زاگرۆس کە پێش ماوەیەک پەخش کرا نوسەری ناو ئینتەرنێت و ڕۆناکبرەکانی ناو ژورەکانی پالتاک ناوزاند بکرێن بە خائین و خۆفرۆش جاش و بەکرێگیراوی بێگانە، بەسەرێکیش من ناهەقیشیان ناگرم ئەوانیش کە سایتیکی بەو شێوە دەبینن کە بەبێ هیچ سانسورێک بەبی گوێدان بە هێج بنەمایەکی کۆمەڵایەتی و کوردایەتی هیرش بکەنە سەر کۆمەڵێک خەڵکانی شۆرشگێر کە بە ڕاستی وای لێهاتبوو هەرکەسێک ئەوان سوکایەتیان پی بکردایە بە پێچەوانەی قسەکانی ئەو سایتە خەلکێ ڕێزی تایبەتیان بۆ دادەنان، ئایە مەعقولە لە ناو سەرکردایەتی یەکێتی ئەو هەموو خەڵکە خراپە هەبێت؟ هەموومان دەزانین لە ناو هەموو پارتە سیاسیەکانی کوردستاندا خەڵکی باش و خراپ هەیە خەڵکی شەریف و نا شەریف هەیە خەڵکی دزو گەندەڵ هەیە خەڵکی پاک و ڕاست گۆش هەیە، بەڵام دەبێ بە عادیلانە حوکمیان لەسەر بدەین نەوەک گوڵبژێری لێ بکەین تەنها باسی لایەنێک بکرێت لایەنەکانی تریش وەکوو مووی ناو ماست لێێی دەربێن، وەباوەڕیش بەخۆیان بێنن کەوا هەر خراپە کاری لەناو یەکێتی دا هەیە ئەوانی تر بە زەمبیل لە ئاسمانەوە بۆ جەماوەرەکەمان هاتونەتە خوارەوە، لە کۆتایی دا دەڵێم وەرن با دەست لە ناو دەست ببین بە چقڵی چاوی دوژمنانی گەلەکەمان بەری لێبگرین هەر کەسێک دزە گەندەڵە ئینسانی خراپە بۆ کۆمەڵی کوردەواری با ڕۆژانە دابەزینە سەریان و بە خەڵکیان بناسێنین تاکوو چاکسازی دروست دەبێت لە ناو کاربەدەستەکانی حیزبی و دەوڵەتی بۆ بەرەو پێش وەچونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەم سات و کاتە ناسکەی کە بەسەرماندا تێ دەپەڕێت بۆ ئەوەی بتوانین بەرەنگاری دوژمنان ببینەوە، میلەتیش بێ سەرکردە نابێت وە سەر کردەش بەبێ جەماوەر بەهیج ناچێت و کەس حیسابی بۆ ناکات، ئیمڕۆ ڕۆژ ڕۆژی ئەوەیە کە سەرکردە بە هۆی سندوقی هەڵبژاردنەوە خۆی بگەیەنێتە سەر کورسی دەسەڵات کەسێکیش کە دڵسۆز نەبوو بۆ ئەو جاماوەرەی کە دەنگی پێ داوە لە هەڵبژاردنی داهاتوو کەس دەنگی پێ نادات لە هەموو جۆرە هەڵبژاردنێک، ئەگەر بمانەوێت ببین بە کۆمەڵگایەکی دێموکراتی ئەگەر واش نەکەین بەدەردی ئەوانە دەچین کەوا ئیستا ڕۆیشتن و کەوتنە ناو زبڵدانی مێژوو کەس نیە بڵێت ڕەحمەت لە گۆڕتان. بژی کورد بژی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.